# أثر استراتيجية لعبة الذاكرة في تحصيل مادة قواعد للغة الكردية عند طالبات الصف العاشر الاعدادي وتنمية تفكيرهم الإيجابى

**گەڵاڵە يوسف يونس داودى**

**Kolale.Yousef2306m@ircoedu.uobaghdad.edu.iq**

**أ.د مهاباد عبدالكريم احمد**

**جامعة بغداد/ كليه التربية ابن رشد للعلوم الانسانية**

**الملخص**

يهدف البحث الحالي إلى معرفة **(أثر استراتيجية لعبة الذاكرة في تحصيل مادة قواعد للغة الكردية عند طالبات الصف العاشر الاعدادي وتنمية تفكيرهم الإيجابى)** ولتحقيق هدف البحث صاغت الباحثة الفرضيتين الصفريتين الآتيتين:

١- لايوجد فرق ذو دلالة إحصائية عند مستوى دلالة (٠,٠٥) بين متوسط درجات طالبات المجموعة التجريبية اللاتي يدرسن مادة قواعد اللغة الكردية على وفق استراتيجية لعبة الذاكرة و متوسط درجات طالبات المجموعة الضابطة اللاتي يدرسن المادة نفسها على وفق الطريقة التقليدية في الاختبار التحصيلي البعدي .

٢- لايوجد فرق ذو دلالة إحصائية عند مستوى دلالة (٠,٠٥) بين متوسط درجات طالبات المجموعة التجريبية اللاتي يدرسن مادة قواعد اللغة الكردية على وفق استراتيجية لعبة الذاكرة ومتوسط درجات طالبات المجموعة الضابطة اللاتي يدرس المادة نفسها وفق الطريقة التقليدية في مقياس التفكيرهم الإيجابي.

وللتحقق من ذلك اختارت الباحثة التصميم التجريبي ذا الضبط الجزئي للمجموعتين التجريبية و الضابطة ذات الاختبار البعدي تصميم تجريبي لهذا البحث ,وتمثل مجتمع البحث الحالي بطالبات الصف العاشرالاعدادي /الفرع العلمي في المدارس الثانوية والاعدادية الحكومية النهارية التابعة للمديرية العامة لتربية صلاح الدين – طوز, للعام الدراسي (٢٠٢٤ -٢٠٢٥م) وتم اختيار ثانوية (كوردستان) للبنات قصديا، واختيرت الشعبتين ( أ – ب ) عشوائيا لتمثل شعبة (أ) المجموعة التجريبية البالغ عددها (٣٠) طالبة والتي درست وفق استراتيجية لعبة الذاكرة، وشعبة (ب) لتمثل المجموعة الضابطة البالغ عددها (٢٦) طالبة والتي درست وفق الطريقة التقليدية،بلغت العينة (٥٦) طالبة, كافأت الباحثة بين مجموعتي البحث في عدد من المتغيرات منها ( العمر الزمني للطالبات محسوبا بالشهور، التحصيل الدراسي للأباء والامهات،

درجات العام الدراسي السابق(٢٠٢٤-٢٠٢٣م) لمادة قواعد اللغة الكردية, واختبار الذكاء , ومقياس التفكير الإيجابي)

**الكلمات المفتاحية: التفكير الايجابي، استراتيجية لعبة الذاكرة.**

## The Effect of the Memory Game Strategy on the Achievement of Kurdish Grammar among Tenth Grade Intermediate Female Students and the Development of their Positive Thinking

**Galala Yousif Younis Dawoodi**

**Prof. Dr. Mahabad Abdul Kareem Ahmed**

**University of Baghdad/College of Education Ibn Rushd for Human Sciences**

**Abstract**

The current study aims to investigate the effect of the memory game strategy on the achievement of tenth-grade intermediate female students in Kurdish Grammar and the development of their positive thinking. To achieve the research objective, the researcher formulated the following two null hypotheses:

1. There is no statistically significant difference at the significance level of (0.05) between the average scores of the experimental group students studying Kurdish Grammar using the memory game strategy and the average scores of the control group students studying the same subject using the traditional method on the post-achievement test.

2. There is no statistically significant difference at the significance level of (0.05) between the average scores of the experimental group students studying Kurdish Grammar using the memory game strategy and the average scores of the control group students studying the same subject using the traditional method on the positive thinking scale.

To verify this, the researcher chose a partially controlled experimental design for the experimental and control groups with a post-test as an experimental design for this research. The current research community represents tenth-grade female students in the scientific branch in the

secondary and preparatory government day schools affiliated with the General Directorate of Education in Salah Al-Din - Tuz, for the academic year (2024-2025 A.D.). Kurdistan Girls' Secondary School was intentionally selected, and the two sections (A-B) were randomly selected. Section (A) represents the experimental group, numbering (30) students, who studied according to the memory game strategy, and Section (B) represents the control group, numbering (26) students, who studied according to the traditional method. The sample includes (56) students. The researcher rewarded the two research groups in a number of variables, including (the chronological age of the female students calculated in months, the academic achievement of the parents, the grades of the previous academic year (2024-2023 A.D.)

**کاریگەریی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە ڕێزمانی کوردیی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنییاندا**

**گەڵاڵە یوسف یونس داودی**

**پرۆفیسۆر دکتۆر: مەهاباد عەبدولکەریم ئەحمەد**

**زانکۆی بەغداد – کولێژی پەروەردەی ئیبن روشد بۆزانستە مرۆڤایەتییەکان**

**پوختەی توێژینەوەکە :**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی ( **کاریگەریی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە ڕێزمانی کوردیی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنییاندا)** بۆ لێکۆڵینەوە لە ئامانجی توێژینەوەکە، ئەم دوو گریمانە سفرییەی داڕشتووە:

١- جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە ئاستی خەملاندن (٠.٠٥) نییە لە نێوان ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بابەتی ڕێزمانی کوردییان بە پێی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری دەخوێنن، هەروەها لە ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە هەمان بابەتیان بەپێی ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت.

٢-جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە ئاستی خەملاندنی (٠.٠٥) نییە لە نێوان ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بابەتی ڕێزمانی کوردییان بە پێی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری دەخوێنن، هەروەها لە ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە هەمان بابەتیان بە پێی ڕێگای ئاسایی لە پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێنییانە دەخوێنن.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە خوێندکارانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە خوێندنگەی دواناوەندی (کوردستان ) ی کچان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی صلاح الدین _ خورماتوو بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ – ٢٠٢٥) زاینی، توێژەر دواناوەندی (کوردستان ) ی کچانی بەمەبەست هەڵبژاردووە، دوو هۆبەی (أ – ب) بە هەڕەمەکی هەڵبژارد هۆبەی (أ) بۆنواندنی کۆمەڵەی ئەزموونی کە ژمارەیان (٣٠) خوێندکاربوو، کە بەپێی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری وانەیان خوێندبوو، هەروەها هۆبەی (ب) بۆ نواندنی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو کە ژمارەیان (٢٦) خوێندکاربوو کە بە پێی ڕێگای ئاسایی وانەیان خوێندبوو، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە(٥٦) خوێندکارئەزموونەکە لە وەرزی یەکەمی خوێندن بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ – ٢٠٢٥) زاینی جێبەجێ کراوە، توێژەر بە خودی خۆی هەڵساوە بەوانەوتنەوە بۆ هەردووکۆمەڵەی توێژینەوە (ئەزموونی _ کۆنترۆڵکراو ) .

بەشی یەکەم

**یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە :**

کێشەی لاوازی خوێندکاران لە ڕێزمانی زمانی کوردیدا بەگشتی هەموو قۆناغەکانی خوێندن دەگەرێتەوە و ڕووبەڕووی زۆربەی ئاستە پەروەردەییەکان دەبێتەوە و تایبەت نییە بە قۆناغێکی خوێندنی دیاریکراو، بۆیە پێویستە بیر لە بەکارهێنانی ستراتیژ و ڕێگا و شێوازی نوێ بکرێتەوە بۆ ئەوەی بەشداربن لە دۆزینەوەی چارەسەری ئەم کێشەیە و پێشنیاری هەندێک چارەسەری گونجاو بکرێت لە گرنگترین کێشە و گرفتەکان کە لە قۆناغی ئامادەییدا خوێندکاران دەبنەوە، گرانی وئاڵۆزی یاساکانی زمانی کوردی لە تێگەیشتن و جێبەجێکردنی و ئەو ناڕوونی و ئاڵۆزییەی کە دەیگرێتەوە، کە هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگای وانەوتنەوە زیاتر لە هەر هۆکارێکی تر.

لە ڕێگەی ئەزمونی وانەوتنەوەی توێژەرەوە لە ڕێگەی وانەوتنەوەی زمانی کوردی لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن، تێبینی لاوازی ئاستی خوێندکارانی بەتایبەت کرد لە ڕێزمانی زمانی کوردیدا،کە کەمترچالاکبوون لەوانەی ڕێزمانی کوردی کارلێکی نێوان خوێندکارانیش زۆر لاوازبوولە کاتی ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی ڕێزماندا، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی پاڵنەر لە گۆڕینی ڕۆڵ و چالاکییەکان.

بۆ ئەوەی ئاستێکی بەرزی خوێندن لە ڕێزمانی زمانی کوردیدا بەدەستی بهێنیت، دەبێت میتۆد وستراتیژییەکانی وانەوتنەوە پەیرەو بکەیت، تاوەکو کێشەی لاوازی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە ڕێزمانی زمانی کوردیدا کەم بکەینەوە، ئەمەش زۆرێک لە توێژینەوەکانی پێشووتر باسیان کردووە سەبارەت بە تێگەیشتن و جێبەجێکردن، وەکو توێژینەوەی (مەندەلاوی،2022) (مەندەلاوی،2023) (وەلی،2024)هەموویان هاوڕان لەسەرلاوازی خوێندکاران لەقۆناغی ئامادەیی لەڕێزمانی کوردیدا، هەروەها هەموویان هاوڕان لەسەر ئەنجامدامی سیمینار و

کۆڕبەندی زانستی کە لە ڕاسپاردەکانیاندا جەخت لەسەر پێویستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانست زانیاری دەکەنەوە کە لە ژێر دروشمی (مامۆستا، پەیامبەری بنیاتنانی ئاشتییە لەکۆمەڵگە)دا .

لێرەدا بۆدڵنیابوون لە هۆکارەکانی لاوازی ئاستی دەستکەوتی خوێندکاران لە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردیدا لە قۆناغی دەیەمی ئامادەییدا، توێژەر ڕاپرسی بە ژمارەیەک لە مامۆستایانی زمانی کوردی کردووە،کە ژمارەیان (٢٥) مامۆستا بووە وە هەروەها ڕاپرسییەکەشی دابەشکردووە بەسەر (25) خوێندکاری پۆلی دەیەمی ئامادەیدا ، بەمەبەستی زانینی هۆکاری لاوازی ئاستی دەستکەوتی خوێندکاران لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا، لەئەنجامدا لەڕێی وەڵامدانەوەی مامۆستایان و خوێندکاران ،دەرکەوت هۆکاری لاوازی خوێندکاران دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی شێوازو ڕێگا کۆنەکانی وانەوتنەوە کە توێژەر لەڕێی ڕاپرسییەیەکەیەوە کە لەپاشکۆی (٣) دابەشیکردبوو بەم دەرئەنجامانە گەیشتووە :

1- لە (85%) پێیان وابوو هۆکاری لاوازی دەستکەوتی خوێندن دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ڕێگاو شێوازە کۆنەکانی وانەوتنەوە وەکو (ڕێگای وانەبێژی – ڕێگای گفتوگۆ–ڕێگای پرسیارو وەڵام– ڕێگای ئەزبەرکردن) لە کاتێکدا تەنها لە (15%) مامۆستایان شێوازو ڕێگا نوێیەکانی وانەوتنەوە بەکاردەهێنن .

٢- لە (60%) مامۆستایانی زمانی کوردی پێیان وابوو لاوازی خوێندکاران لەڕێزمانی کوردیدادەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری زۆری پرۆگرامی خوێندن و کەمی کات و نەبوونی یان کەمی هۆیە پێشکەوتووەکانی وانەوتنەوە، وە لە (40%) پێیان وایە هۆکاری لاوازی خوێندکاران نەبوونی پاڵنەری خوێندکارانە .

٣- لە (55%) خوێندکاران کێشەی قورسی وزەحمەتی فێربوونیان هەیە لەڕێزمانی کوردیدا،لە (45%) هیچ زەحمەتی وبەربەستێك نابینن لە فێربوونی ڕێزمانی کوردیدا.

توێژەر پێی وایە پێویستە ستراتیژییە نوێیەکانی وانەوتنەوە بگیرێتەبەر کە کار بکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و دەستکەوتی خوێندکاران، هەربۆیە توێژەر بڕیاریدا ستراتیژییەک تاقیبکاتەوە ستراتیژییەکی پەروەردەیی جیاوازە کە بەشدارە لە چارەسەرکردنی کێشەکان.

بۆیە دەتوانرێت کێشەی توێژینەوەکە بە وەڵامدانەوەیی ئەم پرسیارەی خوارەوە دابڕێژرێت:

**- ئایا ستراتیژییەتی یاری یادەوەری کاریگەریی هەیە لەسەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی ئەرێیانەی لەلای خوێندکارانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی ؟**

**دووەم : گرنگیی توێژینەوەکە :**

ئامانجی پەروەردە ئەو گۆرانکارییە رەفتارییە خوازراوەیە کە لە ئەنجامی ئاوێتەبوون وکارلێککردنی فیرخواز بە هەڵویستی فێرکاری و فیربونەوە روودەدەن، هەربۆیە زانینی مامۆستا لە دارشتنی

ئامانجە فێرکارییەکان بەرەو پێشچوونی پرۆسەیەکی فێرکاری و فێربوونی دروست بەرهەم دەهێنێت. (رسول،٢٠١٤،ل.٣٩-٤٠)

ڕەگەزەکانی ژینگە کە مامۆستا ئامادەی دەکات بە مەبەستی بە دە ستهێنانی کارامەیی و پسپۆری و بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکانیان لە ماوەیەکی دیاریکراودا(مصطفی، ٢٠٠٩، ل.٢٧)

زمان ئەو بنەڕەتەیە کە ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەر دادەمەزرێت هەروەها ئامرازی تێگەیشتن و پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەکانە، ئەگەر زمان نەبووایە ئەوە مرۆڤ نەیدەتوانی لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ بکەن . (عزیز،٢٠٢١، ل. ١٣)

توێژەر پێی وایە زمان ڕێگەیەکە بۆ گەیاندنی ڕاوبۆچوون و دەربڕینی بیرۆکەو زانیارییەکان، هەر زمانێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەربۆیە زمان تەنها ئامرازێك نیە بۆ گفتوگۆکردن،بەڵکو ڕێگایەکە بۆ گەیاندنی کەلتوورو مێژوو و ئەدەبیات و شارستانیەت .

ڕێزمانی زمانی کوردی بەشێکی گرنگی زمانی کوردییە، چونکە ڕێزمان بنچینە و پێکهاتەیەکی سەرەکییە بۆ هەر زمانێک، ڕێزمانی زمانی کوردی وەکو هەر زمانێکی تر، بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتاری کەسەکان هەیە، بۆیە فێربوونی ڕێزمانی زمانی کوردی نەک تەنها بۆ قسەکردن و نووسین گرنگە، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە کەلتوور و مێژووی کوردیش گرنگە . (مارف، 1979، ل.٦)

توێژەر پێی وایە ڕێزمانی زمانی کوردی هاوشێوەی هەموو زمانە جیهانیەکان خاوەنی دەستوور و یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆیەتی، هەربۆیە گرنگە نەوە لەدوای نەوە فێری دەستوورو ڕێساکانی ئەم ڕێزمانە ببن بۆ پارێزگاریکردنی زمانی کوردی و کەلتوور و شارستانیەتی زمانی کوردی تا بنەچەی خۆی لە دەست نەدات و بەڕەسەنایەتی بمێنێتەوە .

گرنگی فێربوونی چالاک فەلسەفەیەکی پەروەردەییە بە ئامانجی کاراکردنی ڕۆڵی خوێندکارە لە پرۆسەی فێربووندا بە ئامانجی کارامەیی بیرکردنەوەی بەرزتر فراوانتر وەک شیکردنەوە و پێکهاتن و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای هەڵوێست و چالاکی پەروەردەیی جیاواز کە پێویستی بە توێژینەوە و تاقیکردنەوەیە لەشێوەی فێربوونی گرووپ بۆ پەیداکردنی کارامەیی و بەدەستهێنانی زانیاری. (خیري،٢٠١٨،،ل.13)

توێژەر پێی وایە فێربوونی چالاك یەکێکە لەو ڕەوتە پەروەردەیی و سایکۆلۆجییانەی کە کاریگەرییەکی ئەرێنی زۆری هەیە لەسەر پرۆسەی فێربوونی پەروەردەیی کە دەتوانین ژینگەیەکی فێربوونی دەوڵەمەند بە هەڵوێست و ئەرکەکان دروست بکات .

ستراتیژییەتی یاری یادەوەری یەکێکە لەستراتیژییەکانی فێربوونی چالاك کە یارمەتی خوێندکاران دەدات لە شێوازی بیرکردنەوە و بەبیر هێنانەوەی زانیارییەکانی پێشوویان ئەمەش بەشێوازی یارییەکی چێژ بەخش و بەسوود، هەروەها ئەم ستراتیژییە وەك ڕاهێنانێکی هزری و دەروونی

دادەنرێت چونکە خوێندکار فێری سەرنجدان و بیرتیژی دەکات سەرەڕای سوود گەیاندنی بەرفراونبوونی ئاستی بیرکردنەوە یان. (الشمري، 2015،ل. 12٧)
توێژەر پێی وایە ستراتیژیەتی یاری یادەوەری بە یەکێک لە ستراتیژییە مۆدێرنەکان دادەنرێت لە وانەوتنەوە چونکە ڕۆڵی خوێندکار چالاک دەکات لە پێشکەشکردنی لایەنە زانستییەکان و بەشداریکردن تێیدا پێگەی پەروەردەیی بەرزدەکاتەوە،هەربۆیە توێژەر مەبەستی بووە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی بەپێی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری بەدیبهێنێت .
بۆبەدەستهێنانی دەستکەوتی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و مەعریفی خوێندکاران پێویستە ڕەچاوی ژینگەی خوێندن و تەمەنی خوێندکارو لایەنی کۆمەڵایەتی و بارودۆخیان بکەیەن، چونکە بەشداربن لە چۆنیەتی بەرزکردنەوەی لایەنی زانستی لە پێکهاتەی مەعریفیدا چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو. ( عبدالسمیع،٢٠١٦،ل.١٢)
گەشەپێدان واتە پرۆسەی گەشەکردن و پێشکەوتنی تاک لە ڕووی دەروونی، هزریەوە. ئەم پرۆسەیە دەتوانێت گۆڕانکاری لە تاکدا درووست بکات لە ڕێگەی فێربوونی نوێ، پەرەپێدانی تواناکانی، و گۆڕینی هەڵسوکەوتەکانییەوە بەرەو ئاستێکی باشتر (قادر ،2022،ل.16)
توێژەر پێی وایە گەشەپێدان بۆ خوێندکاران دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوە و پەرەپێدانی ئاستی کەسایەتی و بە کۆمەڵایەتیکردنی خوێندکار و بەرەپێشبردنی متمانە بە خۆکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفی و ڕێکخستی لایەنی دەروونی که هاوکارە بۆ سەرکەوتنیان.
بیرکردنەوەی ئەرێنیانە شێوازێکی بیرکردنەوەیە کە ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە بەرەوپێشچوونی توانای تاك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان، هەروەها ئەو کەسانەی توانای بیرکردنەوەی ئەرێیانە هەیە لە شیکردنەوەی زانیارییەکان و پەرەپێدانی لایەنی هزری لێهاتوویەکی زیاتریان هەیە بە بەراورد بەو کەسانەی پێچەوانەی ئەمە بیر دەکەنەوە، دەتوانن باشتر پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا بکەن و بیرۆکەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەر بگەیەنن، بیرکردنەوە پرۆسەیەکی بەردەوامە کە پێویستی بە هەوڵ و کۆڵنەدان هەیە. (الحمیداوي،٢٠٢٢، ل.119)
توێژەر وای دەبینێت بیرکردنەوەی ئەرێنیانە دەتوانێت بەربەستە سەخت و دژوارەکان تێپەرێنێت، چونکە بیرکردنەوە هەڵقوڵاوی ناخی مرۆڤە لەژێر کاریگەری مێشك و دەروونڎا بیردەکاتەوە.
قۆناغی ئامادەیی لە دوای قۆناغی بنەڕەتییەوە دەست پێدەکات، ئەم قۆناغە بە قۆناغی ئامادەکرنی خوێندکاران دادەنرێت بۆ پەیمانگا و زانکۆ هەربۆیە توێژەر قۆناغی پۆلی دەیەمی ئامادەیی هەڵبژارد چونکە خوێندکاران لە قۆناغە پێگەیشتوون لەڕووی شێوازی بیرکردنەوەیان.
**دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە بەچەند خاڵێك کورت بکەینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:**

١- گرنگی پەروەردە بۆ هوشیارکردنەوەی تاك و گەشەپێدانی لایەنی مەعریفی تاك تا کۆمەڵگەیەکی تەندروست فەراهەم بکات .

2- گرنگی زمان، بەو پێیەی یەکێکە لە ئامرازەکانی گفتوگۆکردن و پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا .

3- گرنگی ڕێزمانی زمانی کوردی، وەک هەر زمانێکی تر، ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە کە جوانی خۆی پێدەبەخشێت، هاوکارە لە پاراستنی شوناسی زمانەوانی و ڕەسانەیەتی نەتەوەیەك.

4- گرنگی بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاك کە خوێندکار دەکاتە چەقی پرۆسەی فێربوون بەمەش خوێندکاران هەستی باوەربەخۆبوونیان زیاتر دەبێت

5- گرنگی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری وەک یەکێک لە ستراتیژیە نوێیەکانی فێرکردن، کە ئاسۆی بیرکردنەوە و یادگەی خوێندکاران فراوانتر دەکات

6- گرنگی گەشەپێدان لە بەرەوپێشچوونی خوێندکاران و کاریگەریی خستنە سەریان لە هەڵسوکەوت و ئاکاریاندا .

7- گرنگی شێوازی بیرکردنەوە و بیرکرندەوەی ئەرێنیانە خاڵێکی گرنگە بۆ درووستبوونی خوێندکارێکی گەشبین بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی .

8- گرنگی قۆناغی ئامادەیی وەک قۆناغێکی گرنگی پێگەیشتوو، چونکە بەقۆناغی ئامادەکردنی خوێندکاران دادەنرێت بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان .

**سێیەم : ئامانجی توێژینەوەکە:**

1- زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی یاری یادەوەری لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لەبابەتی ڕێزمانی کوردیدا.

2- زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری لەوتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردیدا لای خوێندکارانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە بیرکردنەوەی ئەرێنیاندا

**چوارەم : گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، ئەم دوو گریمانە سفرییانەی داڕشتووە:

**گریمانەی یەکەم:**

جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری نییە لە ئاستی خەمڵاندنی (٠٥,٠) لە نێوان ناوەندی ژمێری نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بابەتی ڕێزمانی کوردییان بە پێی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری دەخوێنن، هەروەها لە ناوەندە ژمێری نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە هەمان بابەتیان بەپێی ڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت پاشەکی.

**گریمانەی دووەم:**

جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری نییە لە ئاستی خەمڵاندنی (٠٥,٠) لە نێوان ناوەندی ژمێری نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بابەتی ڕێزمانی کوردییان بە پێی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری دەخوێنن، هەروەها لە ناوەندی ژمێری نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە هەمان بابەتیان بە پێی ڕێگای ئاسایی لە پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێنییانە دەخوێنن.

**پێنجەم : سنووری توێژینەوەکە :**

1-سنووری مرۆیی : خوێندکارانی (کچ) لە پۆلی دەیەمی ئامادەیی بەشی زانستی ئەوانەی لە خوێندنگەکانی دواناوەندی وئامادەیی حکومیەکانی بەیانیان سەر بە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی سەڵاحەدین – خورماتوو.

2- سنووری شوێنی : خوێندنگەکانی دواناوەندی وئامادەیی حکومیەکانی بەیانیان سەر بە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی سەڵاحەدین – خورماتوو .

3-سنووری زانستی : ژمارەیەك لەبابەتەکانی ڕێزمانی زمانی کوردی بڕیاردراو لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی، چاپی پانزەیەم بۆساڵی خوێندنی (2022) بابەتەکانی بریتین لە (خاڵبەندی –ئامرازی بانگکردن – ئامرازی لێکدەر – ڕستەی ئاوێتە – درووستکردنی ناوی واتایی – هاوەڵناوی ژمارەی بنجی – هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن – هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی )

4- سنووری کاتی : وەرزی یەکەمی خوێندن بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥-٢٠٢٤)

**شەشەم: دیاریکردنی زاراوەکان**

**یەکەم:کاریگەریی:**

حربي وعبدالكاظم (2019)

" بریتییە لە بڕی ئەو گۆڕانەیە کە لە گۆڕاوی پشت بەست ڕوودەدات، لەدوای خستنە ژێر کاریگەریی گۆڕاوێکی سەربەخۆ". (حربي وعبدالكاظم،٢٠١٩،ل.٧٥)

**پێناسەی ڕێکاری بۆکاریگەریی:**

بڕی ئەو گۆڕانەیە کەستراتیژییەتی یاری یادەوەری لەدەستکەوتی پۆلی دەیەمی ئامادەیی دوای تەواوکردنی ئەزموونەکە دەیکات بەپێوەری نمرەیی .

**دووەم: ستراتیژیەت :**

ڕەسول(٢٠١٤)

" بریتییه لەو هێڵە فراوانەی ئامانجە پەروەردەییەکان بە دی دەهێنێت، هەموو ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە مامۆستا بە ئامانجی گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان جێ بەجێیان دەکات "(ڕەسول،٢٠١٤،112)

**پێناسەی ڕێکاری بۆ ستراتیژییەت:**

کۆمەڵێك ڕێکارو چالاکی ئامانجدارە کە مامۆستا لەناو پۆلدا جێبەجێ دەکات بەمەبەستی هێنانەدی هەنگاوەکانی وانەکە بەپێی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری.

**سێیەم : ستراتیژیەتی یاری یادەوەری :**

ثجیل (٢٠١٩)

" بریتییە لە کۆمەڵێک کردار کە مامۆستایان ئەنجامی دەدەن، تاخوێندکاران بیربکەنەوە و سەرنجبدەن، پاشان پێوانەکردنی ڕادەی تێگەیشتن و مانەوەی زانیارییەکانە لەیادەوەرییاندا " (ثجیل،2019،ل.370)

**پێناسەی ڕێکاری بۆ ستراتیژییەتی یاری یادەوەری :**

پلانێکی داڕێژراوی پێشوەختەی مامۆستایە بۆ وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بە پێی هەنگاوەکانی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری بۆپۆلی دەیەمی ئامادەیی بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجە خوازراوەکان کە توێژەر لەسەر کۆمەڵەی (ئەزموونی ) ئەنجامی دەدات .

**چوارەم : دەستکەوت :**

عبدالسمیع (٢٠١٦)

" بریتییە لە و بڕە زانست و زانیارییەی کە خوێندکار لەوانەیەکەی دیاریکراوی فێری دەبێت و دەبێتە دەستکەوتێکی مەعریفی و خوێندکاری پێی هەڵدەسەنگێندرێت "( عبدالسمیع،٢٠١٦،ل.٥)

**پێناسەی ڕێکاری بۆ دەستکەوت :**

بریتییە لەونمرەیەی کەخوێندکارانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی بەدەستی دەهێنن لەڕێزمانی کوردیدا لەتاقیکردنەوەی تایبەت بەو بابەتە .

**پێنجەم :ڕێزمانی کوردی:**

١-شوانی (٢٠٠٨)

"یەکێکە لە لقە گرنگەکانی زمانی کوردی و هۆیەکە بۆ فێربوونی دەربڕین و نوسینی ئەو زمانە وە زانستێکی سەربەخۆی ئاڵۆزە پرۆگرامێکی تایبەتی و بابەتێکی ئاشکراو دیارە ,هەموو بابەتەکانی لەسەر یاسا و دەستوورێکی تایبەت بەخۆی دادەمەزراوە " (شوانی، 2008, ل.40).

**پێناسەی ڕێکاری بۆ ڕێزمانی کوردی :**

ناوەڕۆکی بابەتی بڕیاردراو بۆ خوێندن لە پەرتووکی زمان وئەدەبی کوردی بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی (نموونەی توێژینەوەکە) لە وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی(2025-2024).

**شەشەم : گەشەپێدان**

**قادر (2022)**

" بریتییە لەو چەمکەی کە گرنگی بە پشتیوانیکردنی تواناکانی تاک و کەمکردنەوەی نەزانین و بەرزکردنەوەی تێگەیشتن و پێگەیشتن و پەرەپێدانی تاك دەدات " . (قادر، 2022،ل. 27)

**پێناسەی ڕێکاری بۆ گەشەپێدان :**

بڕی ئەو گۆڕان وپەرەسەندنەیە، کە لەنێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی بیرکردنەوەی ئەرێنیانە لەوانەکان لەلایەن خوێندکارانی هەردووکۆمەڵەی توێژینەوەکە (ئەزموونی – کۆنترۆڵکراو)بەدەست دەهێنێت .

**حەوتەم : پۆلی دەیەمی ئامادەیی :**

" مەبەست لەپۆلی دەیەمی ئامادەیی پۆلی ( چوارەمی ) ئامادەییە کە لە سەرجەم بابەتە زانستی و مرۆییەکان پێك دێت، کە بریتییە لە ئەو قۆناغەیە کە سەرەتایی قۆناغی ئامادەییە و لەدوای قۆناغی بنەرەتییەوە دەست پێدەکات کە تەمەنی خوێندکارانی ئەم قۆناغە (١٤-١٦) ساڵە" . (وەزارەتی پەروەردە،٢٠١٣،ل.٤٨)

**هەشتەم : بیرکردنەوەی ئەرێنیانە**

**جەمال(2013)**

" بریتییە لە شێوازێکی بیرکردنەوەیە کە ئاستی تاك بەرز دەکاتەوە و یارمەتی دەدات وەبەرهێنان لە مێشک و هەست و ڕەفتارەکانیدا بکات، بە کۆنترۆڵکردنی شێوازی بیرکردنەوە و بیرۆکەکانی بە ئاراستەیەکی ئەرێنیانە" (جەمال، 1013،ل.١٣)

**پێناسەی ڕێکاری بیرکردنەوەی ئەرێنیانە :**

بریتییە لە و پرۆسە هزرییەی کە تاک سەرنجی لەسەر لایەنە ئەرێنییەکانی بارودۆخ و چارەسەرکردنیانە نەک لەسەر لایەنە نەرێنییەکان، کە کاریگەری ئەرێنی لەسەر هەست و کردار دەبێت، کە شتەکان بە ئاراستەیەکی دروستدا دەڕۆن و ئەنجامەکانی ئەرێنی دەبن.

**بەشی دووەم**

**یەکەم : تیۆری بونیادگەرایی :**

تیۆری بونیادگەرایی یەکێکە لەو تیۆرانەی کە لە دەوری یەک بیرۆکەدا دەسوڕێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە زانین لە مێشکی خوێندکاردا لەلایەن خودی خۆیەوە بنیات نراوە و بونیادگەرایی زیاتر لە بیست ساڵ لەمەوبەر بڵاوبووە، لەسەر بنەمای بۆچوونی هەندێک لە فەیلەسوفە کۆنەکان سەبارەت بە زانست و مەعریفە، پاشان پەرەی سەند تا گەیشتە ئەوەی کە ئەمڕۆ هەیە، واتە تیۆری بونیادگەرایی بەرهەمی یەک زانا نییە، و جارێک دەرنەکەوتووە کە بەرهەمی کامە زانایە . (قطامي، ٢٠٠٤،ل.٢٤٨)

**دووەم: فێربوونی چالاک:**

شێوازێکە بۆ فێرکردن و فێربوون لە یەک کاتدا، کە تێیدا فێرخوازان بەشداری لە چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا دەکەن و بە کاریگەرییەکی زۆرەوە، لە ڕێگەی ژینگەیەکی پەروەردەیی دەوڵەمەند و هەمەچەشنەوە کە ڕێگەیان پێدەدات گوێگرتنێکی ئەرێنی، گفتوگۆی دەوڵەمەند، بیرکردنەوەی هۆشیارانە، شیکاری دەنگی، و تێرامانێکی قووڵ لە هەموو شتێک ئەو ماددە ئەکادیمییەی پێشکەش بە خوێندکاران دەکرێت، لەگەڵ ئامادەبوونی مامۆستایەک کە هانیان دەدات بۆ ئەوەی خۆیان فێر بکەن لە ژێر چاودێری وردی خۆیدا کە پاڵنەریان دەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانی فێربوون . (سعادة ورفاقە،2006،ل.13)

**سێیەم : ستراتیژیەتی یاری یادەوەری :**

یەکێکە لە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک، ستراتیژییەکە لەسەر بنەمای پێدانی کۆمەڵێک ڕستە و بیرۆکە بە خوێندکاران و نووسینیان لەسەر تەختە ڕێکخراوە، پاشان داوایان لێدەکرێت ئەو شێوازانەی بیرهێنانەوە بەکاربهێنن کە خاوەنیانن، بۆ ئەوەی کاریگەرتر و چالاکتر بن لە پرۆسەی فێربوون لەناودا پۆلدا، ئامانجی ڕاهێنانی خوێندکارانە لەتوانای بیرکردنەوە و کارکردن لەگەڵ کەسانی تر و بەڕێوەبردنی زانیاری و تەرکیز، لە هەر کاتێکدا لە پۆلدا کە مامۆستا بە گونجاوی بزانێت جێبەجێ دەکرێت. (امبو سعیدی و الحوسینیە، ٢٠١٦ل. ٨١)

**سوودەکانی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری**

١- زیادکردنی ماوەی سەرنجدان : یارییەکانی بیرەوەری پێویستیان بە سەرنجدان و لێ وردبوونەوە هەیە .

2- ناسینەوەی ئاماژە بینراوەکان :گرنگیدان بە وردەکارییەکان گرنگ دەبێت چونکە زۆرجار یارییەکانی بیرەوەری پشت بە توانای دیاریکردنی جیاوازی نێوان دوو وێنە یان سیناریۆ دەبەستن .

٣- گرنگیدان بە بیرەوەری کورتخایەن :پەیوەندییەک هەیە لە نێوان بەهێزکردنی تواناکانی بیرەوەری کورتخایەن و بەرزکردنەوەی توانای بیرەوەری درێژخایەن. ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ بەهێزکردنی بیرەوەری کورتخایەن لە ڕێگەی وەبیرهێنانەوەی زانیارییەکانی پێشوو و هاوتاکردنی لەگەڵ زانیاری نوێ.

4- دەرفەتدان بە خوێندکاران : بۆ ئەزموونکردنی فێربوون لە ژینگەیەکی فرە هەستیاری و چالاک و تاقیکاریدا. بە تایبەتی، فێرخوازان دەتوانن ئەم یارییە پەروەردەییانەی بۆ فێربوونی ئەزموونی بەکاربهێنن بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان لە بڕیاردان و چارەسەرکردنی کێشەکان لە ژینگەیەکی فێربوونی دینامیکی دا.( Folkvord,2017,p.106 )

٥- فیدباك : خوێندکاران دەتوانن دەستبەجێ فیدباک ئەنجامەکان وەربگرن بۆ وەرگرتنی وەڵام.

6- پەرەپێدانی توانا : پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی خوێندکاران و پێشکەشکردنی بۆچوونەکان.

٧- پەرەپێدان بە کەسایەتی خوێندکاران : کە وادەکات بەهێزترین لە پرۆسەی پەروەردەدا ( امبوسعیدی و الحوسینیه، ٢٠١٦، ل.٨٢)

**هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری :**

1- مامۆستا خوێندکاران دابەش دەکات بۆ چەندگروپێك کە هەر گروپێك لە (5-3)خوێندکار پێکهاتووە.

2- مامۆستا پەڕەیەکی گەورەی کاغەز دەنووسێت، کۆمەڵێک ڕاستی کە ژمارەیان لە( 8-10) دەگۆڕێت سەبارەت بە چەمک یان دیاردەیەکی زانستی دیاریکراو، بە مەرجێک سێ نوسخەی ئەوەی نووسیویەتی لەبەردەستدا بێت، و ئەو سێ نوسخەی لەبەردەم... خوێندکاران لە پێشەوەی پۆلەکەدا .3- کەسێک لە هەر گروپێک دەست دەکات بە هاتنی بۆ پێشەوە و پێداچوونەوە بەو شتانەی لەسەر کاغەزەکە نووسیویەتی بۆ ماوەی تەنها(30) چرکە ماوەی بینینی ئەوەی نووسراوە پەیوەستە بە ئاستی سەختی و ئاڵۆزی شتە نووسراوەکانەوە .

٤- دوای ئەوەی خوێندکاری یەکەمی گروپەکە تەواو دەبێت لە بینینی ئەوەی لەسەر کاغەزی هەڵواسراوەکە نووسراوە، کورتەیەک دەڵێت چی بینەری بن پاشان خوێندکاری دووەم بەم شێوەیە دەڕوات و لێرەدا پێویستە خوێندکارەکان هاوکاری بکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی گونجاو بۆ ئەوەی هەموو ئەو شتانە لەبیر بکەین کە لەسەر کاغەزەکە نووسرابوو کە لە پێشەوە هەڵواسرابوو.

5- خوێندکار ئەوەی نووسیویەتی و لە وەرەقەی خۆیدا بەراورد دەکات لەگەڵ ئەوەی لە کاغەزی ئەسڵیدا هەیە.

6-مامۆستا لەگەڵ قوتابیەکانی باس لەو شێوازانە دەکات کە بەکاریان هێناوە بۆ گواستنەوەی ئەوەی لەسەر کاغەزی ئەسڵی هەڵواسراوە لەبەردەمیاندایە بۆ گروپەکەیان. (امبو سعیدی و الحوسنییه،2016،ل.84)

**چوارەم :دەستکەوتی خوێندن:**

پسپۆڕانی بواری پەروەردە و دەروونناسی حەزیان لە دەستکەوتی ئەکادیمییە بەهۆی گرنگییەکی زۆری لە ژیانی ئەکادیمی خوێندکاردا ئەوە دەرئەنجامی پرۆسەی فێربوونی هەمەچەشن و فرە کارامەیی و زانست و زانستە جیاوازەکانە کە ئاماژە بە چالاکییە دەروونییە مەعریفیەکانی دەکات دەستکەوت بەو مانایەیە کە تاک لە هەموو قۆناغە پێشکەوتووەکانی ژیانیدا بۆ خۆی دەستکەوت دەکات قۆناغی ئێستا بۆ قۆناغی داهاتوو و بەردەوام بوون لە بەدەستهێنانی خوێندن و زانست. (الجلالي،2011،ل. 21)

**پێنجەم :ڕێزمانی کوردی :**

چەمکی ڕێزمان : ڕێزمان نهێنی زمان دەردەخات و دەبێتە هۆی گەشەسەندن .هەرکەسێك بیەوێت زوو فێری زمان ببێت نابێت یەکسەر ڕێگەی ڕێزمان بگریتەبەر,چونکە ڕێگەیەکی سەخت و درێژخایەنە، لەبەرئەوە زانایانی پەروەردە خوێندنی ڕێزمانیان لەو قوتابخانە سەرتاییەکاندا لاپەسەند نییە چونکە بەتاقیکردنەوە دەرکەوتووە ئەوەی لەکاتی ئاخاوتندا لەسەر ڕێزمان بڕوات,ناتوانێت بەتەواوی ئەوەی دەویێت دەری ببڕێت .وە نابێت مامۆستایانی زمانی کوردی هەموو سەنگی خۆیان بخەنە سەر فێرکردنی ڕێزمان و لقەکانی تری زمانی کوردی لە بیر بکەن بەڵکو ئەوەی پێویستە بکرێت ئەوەیە کە فێرکردنی ڕێزمان و گوتنەوەی هەر بۆ ئەوە نەبێت کە قوتابی لە هەڵەی ڕێزمانی دوورخاتەوە، وە مەبەستی پەروەردەیی خوێندنی ڕێزمان فێربوونی زمان و ناسینی ڕواڵەتی وشەو ڕستەسازییە . ڕێزمان لەزمانەوە وەردەگیرێت و زمانیش بەستراوە بەژیانی نەتەوەوە لەگەڵ پێشکەوتنی نەتەوە زمانیش پێش دەکەوێت کەوابوو زمان دایکی ڕێزمانە چونکە ڕێزمان لەزمانەوە وەردەگێریت.(مارف، ١٩٩٧،ل. ٤)

**شەشەم : بیرکردنەوەی ئەرێنیانە :**

بیرکردنەوەی ئەرێنیانە یەکێکە لە جوانترین چالاکییە دەروونییەکان کە مرۆڤ لە ژیانی ئاسایی خۆیدا لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەیەکدا ئەنجامی دەدات، بەڵام ئەم پراکتیزانە بەپێی شارەزاییەکەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە .ئەو لێهاتووییانەی پێشتر فێری بووبوو. (حسام الدین، ٢٠١٣،ل.120)

توێژەر پێی وایە بیرکردنەوەی ئەرێنییانە کلیلی بەختەوەری و سەرکەوتنە واتە لە گۆشەنیگای ئەرێنی و ئومێدبەخشەوە سەیری ژیان بکەیت، ئەم جۆرە بیرکردنەوە تیشک دەخاتە سەر لایەنە ئەرێنییەکانی ژیان، جا چ لەناو خێزندابێت یان لەنێو کۆمەڵگە یاخود لەپرۆسەی پەروەردەدابێت


**ڕەهەندەکانی بیرکردنەوەی ئەرێنیانە:**

**١-چاوەڕوانی ئەرێنی:** بەرامبەر ئاییندە و گەشبینی واتە ئەو چاوەڕوانییە بنیاتنەرانەی کە ئامانجیان بەدەستهێنانی دەستکەوتە لە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤدا، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی گەشبینی و ئەو ئەنجامە ئەرێنییانەی کە چاوەڕوان دەکرێن لە تەندروستی کەسی و کۆمەڵایەتی و پیشەیی (ابراهیم،2008،ل.104)

**2- گەشبینی:** گەشبینی واتە بەرەنگاربوونەوەی بەربەستەکان کاتێک ڕووداوی خراپ ڕوودەدەن، پشت بە خۆی دەبەستێت، گەشبینی واتە پلاندانان و کارکردن کە تێڕوانینێکی ئەرێنی بەرامبەر بە داهاتوو. (Seligman, 2005 ,p.83).

**3-هەستی ئەرێنی:** چێژوەرگرتنی لە هەست و سۆزە ئەرێنییەکان پەرپێدەدات، کاتێک لە دۆخێکی ئەرێنیدایت، خۆشەویستی و هاوپەیمانی بەهێزتر بن. بەبەراورد لەگەڵ ئەو

ئاستەنگانەی کە هەستە نەرێنییەکان دەیخەنەسەرمان، مێشکمان فراوانتر دەبێت و زیاتر لێبوردە و داهێنەرتر دەبێت . (سلیجمان، ٢٠٠٦،ل.٣٥)




**هێڵکاری (٢)**

**ڕەهەندەکانی بیرکردنەوەی ئەرێنیانە –کاری توێژەر**

**بەشی سێیەم**

**یەکەم : ڕێبازی توێژینەوەکە :**

ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی بریتییە لەو ڕێگایەی کە توێژەر پشتی پێ دەبەستێت بۆ گەیشتن بە ئامانج یان بریتییە لە ڕێکخستنێکی گونجاو بۆ زنجیرەیەک لە بیرکردنەوە بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان. میتۆدی زانستی بریتییە لە کۆمەڵە ڕێگا و تەکنیکێک بۆ دەرخستنی دیاردەکان و پێوانەکردنیان و گەیشتن بە دەرئەنجام و پێشنیار.(خۆشناو،2016،ل.8)

**دووەم:دیزاینی ئەزموونی:**

دیزاینی ئەزموونی بەیەکەم هەنگاوی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، هەموو ئەو ڕێکارانە لەخۆدەگرێت کەتوێژەر بەکاریان دەهێنێت بۆ وەڵامدانەوەی کێشەی توێژینەوەکەی،هەروەها ڕێکخستن و ئامادەکردنی ئامرازەکانی پێوانەکردن وەکو تاقیکردنەوەکان و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەمەبەستی گەیشتن بەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر ئەیەوێت پێی بگات هەربۆیە توێژەر بۆ ڕاستی و دروستی دەرئەنجامەکان پێویستە دیزاینێکی تایبەت بەخۆی هەبێت (هویمل،٢٠١٢،ل. ٩)

| کۆمەڵە | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشت بەست | ئامرازی تاقیکردنەوەکە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیژییەتی یاری یادەوەری | دەستکەوت و بیرکردنەوەی ئەرێنیانە | تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی و پیوەری بیرکردنەوەی ئەرێیانە |
| کۆنترۆڵکراو | ڕێگایی ئاسایی | | |

ئەم دیزاینە لە دوو کۆمەڵە پێك دێت،یەکێکیان کۆمەڵەی ئەزموونی ئەویتریان کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو،لە کۆمەڵەی ئەزموونیدا بەپێی ستراتیژیەتیی یاری یادەوەری دەخوێنن و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بە ڕێگەی ئاسایی دەخوێنن، خشتەی (١) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (2)دابەشکردنی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە**

| کۆمەڵە | هۆبە | ژمارەی خوێندکاران | ڕێژەی خوێندکاران |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ئـ | 30 | 53.6 |
| کۆنتڕۆڵکراو | ب | 26 | 46.4 |
| کۆی گشتی | | 56 | 100 |

**چوارەم : هاوتاکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە:**

هەرچەند گرووپەکانی توێژینەوەکە بەهەڕەمەکی دابەشکراون،کە جۆرە هاوسەنگیێك پێك دێنێت بەڵام توێژەر هاوتاکردنی لە نێوان هەندێك لەگۆڕاوەکان بەگرنگ زانی،چونکە ڕەنگە کار لەسەر گۆڕاوکانی کارتێکراو بکەن،گۆڕاوەکانیش ئەمانەن :

١- تەمەنی کاتی خوێندکاران هەژمارکراو بە مانگ.

٢- دەستکەوتی خوێندنی باوکان.

٣- دەستکەوتی خوێندنی دایکان.

٤- نمرەی ساڵی خوێندنی پێشوویان کە لەتاقیکردنەوەی نیشتمانی بەدەستیان هێناوە لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)

٥- تاقیکردنەوەی زیرەکی.

٦- تەمەنی کاتی خوێندکاران بەمانگ :

توێژەر تەمەنی خوێندکارانی لە دۆسیەی خوێندکارانی لە خوێندنگە و لەخۆیان وەرگرت و کاتی دەستپێکردنی ئەزموون تەمەنی هەریەکەیانی دەرهێنا و پاشان ناوەندە ژمێری تەمەنی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراوی دەرهێنا کە( 195.43)،( 188.42) مانگ بوو. بۆ زانینی دەلالەتی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندە ژمێری توێژەر بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ دوو نموونە سەربەخۆکە، ژمارەی یەکسانی بەکارهێنا، بۆ زانینی بەڵگەی جیاوازی ئاماری لە نێوان تەمەنی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەکە، دەرکەوت جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە ئاستی ( ٠،٠٥) نییە، بەهای تائی هەژمارکراو (٠.٧٩) کەمترە لە بەهای تائی خشتەیی کە گەیشتووە بە (٢) بە نمرەی ئازادی (54)، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەردوو کۆمەڵە یەکسانن لە تەمەنی کاتی،خشتەی (٣) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (٣)**

| کۆمەڵە | ژ | ناوەندی هەژمارکردن | لادانی پێوەری | بەهای تائی(t-test) | | نمرەی ئازادی | بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | 30 | 195.43 | 17.031 | 0.79 | 2 | 54 | بە بەڵگەی ئاماری |
| کۆنترۆڵکراو | 26 | 188.42 | 12.146 | | | | |

**هاوتاکردنی خوێندکارانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە تەمەنی کاتی هەژمارکراو بە مانگ**
**- نمرەی ساڵی خوێندنی پێشوو بۆ بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)**

توێژەر توانی نمرەی خوێندکاران بۆ ساڵی خوێندنی پێشوو بۆ بابەتی زمانی کوردی پۆلی چوارەمی ئامادەیی بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٣) لە تۆماری فەرمی لە کارگێڕی خوێندنگە دەستکەوێت، پاشکۆی ( ٥ )، هەروەها لە کاتی شیکارکردنی نمرەی هەردوو کۆمەڵەکە، توێژەر بینی ناوەندی ژمێری خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی (67) بەلادانی پێوەری (٤٣٥,١٣)، بەڵام کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ناوەندی ژمێری خوێندکارانی گەیشتووە بە(68.96 ) بەلادانی پێوەری (٨٤٣,١٤)، بۆ زانینی بەڵگەی جیاوازی لە نێوان نمرەی هەردوو کۆمەڵە توێژەر تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێناوە، بۆ بەراورکردنی نێوان هەردوو ناوەند، دەرکەوت جیاوازی بێ بەڵگەی ئامارییە لە ئاستی (٠،٠٥) و بە نمرەی ئازادی ( 54 )، بەهای تائی هەژمارکراو (0.526) بچووکترە لە بەهای تائی خشتەیی (2)، بەڵگەیە لەسەر هاوتاکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوە خشتەی(٤) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (٤)هاوتاکردنی خوێندکارانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە نمرەی گشتی ساڵی پێشوو بۆ بابەتی زمانی کوردی (٢٠٢٤-٢٠٢٣)**

| کۆمەڵە | ژ | ناوەندی هەژمارکردن | لادانی پێوەری | بەهای تائی(t-test) | | نمرەی ئازادی | بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | 30 | 67 | 13.534 | 0.526 | 2 | 54 | بێ بەڵگەی ئاماری |
| کۆنترۆڵکراو | 26 | 68.96 | 14.348 | | | | |

**-تاقیکردنەوەی زیرەکی:**

توێژەر تاقیکردنەوەی ڕاڤن (Raven) هەڵبژاردووە بۆ کەبۆ ژینگەی عێرا ق گونجاوە، لە بنەڕەتەوە پێوانەی توانای خوێندکاری باڵا و چالاکی ئەقڵی دەکات، ئەم جۆری تاقیکردنەوەیە زۆر گونجاوە

بۆ ژینگەی عێراق هەربۆیە لەسەر ژینگەی عێراقدا جێبەجێ دەکرێت، توێژەر تاقیکردنەوەی زیرەکی بۆ کۆمەڵەکانی توێژینەوە جێبەجێکردووە، بۆتوێژینەوە لە یەکسانی هەردوو کۆمەڵەکە، هەروەها فۆرمی تایبەتی بۆ وەڵامدانەوە لەسەر تایبەتمەندییەکان بەکارهێناوە و دابەشی کردووە بەسەر کۆمەڵەکانی توێژینەوەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، کە پێکهاتووە لە (٦٠) بڕگە، یەك نمرە بۆ هەر پرسیارێك، هەروها هەژمارکردنی ناوەندی هەژمارکردن بۆ نمرەی زیرەکی بۆ هەردوو کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)، ناوەندی هەژمارکردن بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتووە بە (30.37) و لادانی پێوەری (9.394)، لە کاتێك ناوەندی هەژمارکردن بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو گەیشتووە بە(28.26) و لادانی پێوەری (10.290 ) بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ زانینی بەڵگەی جیاوازی لە نێوان هەردوو کۆمەڵەکە، دەرکەوت جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە ئاستی بەڵگەی (٠.٠٥) نییە، هەروەها نمرەی ئازادی (54)، بەهای تائی هەژمارکراو گەیشتووتە بە (0.797) ئەوە بچووکترە لە بەهای تائی خشتەیی کە گەیشتووەتە بە (2) ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کۆمەڵەکانی توێژینەوە یەکسانن لەو گۆڕاوە خشتەی (٥)ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (٥)هاوتاکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی زیرەکی ڕاڤن (Raven)**

| کۆمەڵە | ژ | ناوەندی هەژمارکردن | لادانی پێوەری | بەهای تائی (t-test) هەژمارکراو | خشتەیی | نمرەی ئازادی | بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 30 | 30.37 | 9.394 | 0.797 | 2 | 54 | بێ بەڵگەی ئاماری |
| کۆنترۆڵکراو | 26 | 28.26 | 10.290 | | | | |

**- پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێیانە لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا :**

توێژەر هەڵساوە بە ئامادەکردنی پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێیانە لەبابەتی ڕێزمانی کوردیدا بۆ مەبەستەکانی ئەم توێژینەوەیە، دواتر پێوەرەکەی بەسەر خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی ئەزمونگەری وکۆنترۆڵکراو جێبەجێکرد . پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێیانە پێکهاتووە لە (٥٠) بڕگە، بۆ دڵنیابوونەوە لە دروستی پێوەرەکە، پێش جێبەجێکردنی توێژەرکە خستووتییە بەردەستی کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆڕان لە زمانی کوردی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی و پێوانە و هەڵسەنگاندن، هەروەها دوای هەموارکردنەوەی هەندێك بڕگەی پێوەرەکە، هەڵساوە بە جێبەجێکردنی لەسەر نموونەی توێژینەوە هەروەها تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێناوە، بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی جیاوازی، ئەنجامەکە دەریخستووە بەهای تائی هەژمارکراو ( 0.641) کە بچووکترە لە بەهای تائی خشتەیی (2) لە ئاستی بەڵگەی (٠.٠٥) و نمرەی ئازادی (54)، بەڵگەیە لەسەر نەبوونی جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوە، ئەمەش

ئەوە دەردەخات کە خوێندکارانی هەردوو گروپەکە هاوتان لەبیرکردنەوەی ئەرێیانەدا، وەکو لەخشتەی (٦) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٦)هاوتاکردنی خوێندکارانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە گۆڕاوی بیرکردنەوەی ئەرێیانە لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندی هەژمار کردن | لادانی پێوەری | بەهای تائی (t-test) هەژمارکراو | بەهای تائی (t-test) خشتەی | نمرەی ئازادی | بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 30 | 82.40 | 15.828 | 0.641 | 2 | 54 | بێ بەڵگەی ئاماری |
| کۆنترۆڵکراو | 26 | 79.77 | 14.725 | | | | |

**بەشی چوارەم**

**یەکەم : خستنەڕووی ئەنجام :**

**گریمانەی یەکەم :**

جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠،٠٥) لەدەستکەوتی خوێندکاران لەبابەتی ڕێزمانی کوردیدا، لەنێوان ناوەندە نمرەی خوێندکاران گرووپی ئەزموونی کە بابەتەکانی ڕێزمانی کوردییان بە پێی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری وەرگرتووە، وە ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گرووپی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتەکانی ڕێزمانی کوردییان بە ڕێگای ئاسایی پێ وتراوەتەوە

بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەم گریمانە، توێژەر ناوەندەژمێر و لادانی پێوەری نمرەی دەستکەوتی خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا دەرهێنا، لەئەنجامدا ناوەندەژمێری خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی ( 23.43 ) نمرەیە بەلادانی پێوەری ( 4.790) و ناوەندەژمێری خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراویش (18.46) نمرەیە بەلادانی پێوەری ( 5.887) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی لە نێوان ناوەندەژمێری هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا هەیە .

بۆزانینی دەلالەتی ئاماریی ئەم جیاوازییە، توێژەر تاقیکردنەوەی تایی (t-test) بۆ هەردوو سامپڵی سەربەخۆی ژمارەی یەکسانی بەکارهێناوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای تایی هەژمارکراو کە ( 3.484 ) یە زیاترە لەبەهایە خشتەی کە (٢٠) یە لەئاستی (٠،٠٥) نمرەی ئازادی ( 54 )، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەجیاوازی ماناداری ئاماری لە نێوان ناوەندەنمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی و ناوەندەنمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو هەیە ولە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیدایە خشتەی (٢٠) ئەوە ڕوون دەکاتەوە .

بەپێی ئەم ئەنجامەش، گریمانەی چندی (سفری ) ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی لەبرێتی (بدیل ) پەسەند دەکرێت،لە خشتەی (٧) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٧) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەنمرەی دەستکەوتی خوێندکارانی هەردوو گرووپ لەبابەتی ڕێزمانی کوردیدا**

| کۆمەڵە | ژ | ناوەندی هەژمارکردن | لادانی پیوەری | بەهای تائی (t-test) هەژمارکراو | خشتەیی | نمرەی ئازادی | بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 30 | 23.43 | 4.790 | 3.484 | 2 | 54 | بەڵگەی ئامارییە |
| کۆنترۆڵکراو | 26 | 18.46 | 5.887 | | | | |

**گریمانەی دووەم :**

به مەبەستی لێکۆڵینەوە لە ڕاستی گریمانەی سفری دووەم، کە جەخت دەکاتە سەرئەوەی جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە ئاستی خەملاندنی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی نییە کە لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدایە، بە پێی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری، هەروەها  ناوەندی نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی پێدەخوێنین، لە پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێنیانەدا، هەروەها بۆسەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەم گریمانەیە توێژەرناوەندی ژمێری و لادانی پێوەری و هاوکێشەی تائی (t–test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێناوە، بۆ دۆزینەوەی جیاوازی لە نێوان ناوەندی هەردوو گرووپی (ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو) دا .

توێژەر ناوەندە ژمێری بۆ نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتووە بە ( 134.53 )، بە لادانی پێوەری (19.837)، لە کاتێك ناوەندی هەژماری بۆ نمرەی خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو گەیشتووە بە (82.12 ) بە لادانی پێوەری (13.417)، ئەنجامەکە دەریخست جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەی کۆمەڵەکانی توێژینەوەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) هەیە، دەرکەوت بەهای تائی هەژمارکراو (11.396  )، ئەو گەورەترە لە بەهای تائی خشتەیی کە  گەیشتووە بە (2.423) لە ئاستی بەڵگەی (٠،٠٥) بە نمرەی ئازادی ( 54) واتای ئەوەیە جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەی خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەکە هەیە، لە پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێنیاندا، لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی، ئەو ئەنجامە بەڵگەیە لەسەر سەرکەوتنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بابەتی ڕێزمانی کوردییان بەپێی ستراتیژییەتی یاری یادەوەری پێدەخوێنین، بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە پێی ڕێگای ئاسایی پێدەخوێنین، لە پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێنیاندا، خشتەیەی (٨) ئەوە ڕوون دەکاتەوە

**خشتەی (٨) ئەنجامی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە نمرەی تاقیکردنەوەی کۆتایی لە پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێنیانیدا**

| کۆمەڵە | ژ | ناوەندی هەژمارکردن | لادانی پێوەری | بەهایی تائی (t-test) هەژمارکراو | بەهایی تائی (t-test) خشتەیی | نمرەی ئازادی | بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (0,05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 30 | 134.53 | 19.837 | 11.396 | 2.423 | 54 | بەڵگەی ئاماری |
| کۆنترۆڵکراو | 26 | 82.12 | 13.417 | | | | |

**سەرچاوەکان بەزمانی کوردی**


جەمال، لانە نوری. (٢٠١٣) .*گرنگی فێربوون بە بیرکردنەوە* . چاپخانەی ئەندیشە.

حاجی مارف، ئەورەحمان. (١٩٧٩). *رێزمانی کوردی*. چاپخانەی کۆڕی زانیاری.

حاجی مارف، ئەورەحمان. (٢٠١٤). *فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی*.(چ.٢). چاپخانەی رۆژهەڵات.

خۆشناو،نەریمان عەبدوڵلا. (٢٠٠٩). *رێزمانی کوردی* . چاپخانەی منارە .

خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا .(٢٠١٦) .*پوختەیەك لەرێبازی توێژینەوە* .چاپخانەی هێڤی .

رە سول، رەسول ابراهیم .(٢٠١٤) .*دەروازەیەك بۆ وانەوتنەوە* . دەزگای نارین.

شوانی،رەفیق .(٢٠٠٨). *زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا* . چاپخانەی خانی .

عەزیز،کریم احمد .(٢٠١٧). *دەروونزانی گشتی* .(چ.٦) . چاپخانەی رۆژهەڵات.

عەزیز، کریم احمد .(٢٠٢١) . *ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە* .چاپخانەی نارین .

قادر، رەمەزان حەمەئەمین.(٢٠١٨). *رێگاکانی وانەوتنەوە(شێوازی تیۆری و پراکتیکییەکان)*.(چ.٢).چاپخانەی سۆفیا.

قادر، شیلان عەبدوڵلا. (٢٠٢٢) . *خودناسی رێگایەك بۆ پێگەیاندنی تاکی بە توانا* . چاپخانەی کارۆ .

مصطفی،کمال سعدی .(٢٠٠٩). *بنەماکانی توێژینەوەی زانستی* . لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان .

مەندەلاوی، رووناك غازی محمد.(٢٠٢٢). کاریگەری ستراتیجییەتی مێزگرد لەسەر دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی .*گۆڤاری الاستاذ* .بەرگی (٦١).ژ(٣).ل.(٢٣٨٤-٢٣٦٤)

مەندەلاوی،مستەفا عەلی حەسەن .(٢٠٢٤) .کاریگەری ستراتیژییەتی حەوزی ماسی لەسەر دەستکەوتی رێزمانی کوردیی لەلای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەییدا. *گۆڤاری الأستاذ*. بەرگی (٦٢).ژ(٣). ل.(٣٠٨-٢٨٨)

وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان .(٢٠١٣). بەرێوبەرایەتی پرۆگرامەکانی خوێندن .

وەلی،هیوا مەحەممەد .(٢٠٢٤) .کاریگەری ستراتیژییەتی شەش ڕەهەندی لەسەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی داهێنەرانەی خوێندکارانی پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا .*گۆڤاری الأستاذ*. بەرگی (٦٣).ژ(٣). ل.(٩٨٧-٩٥٧)

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی**

ابراهيم عبد الستار (٢٠٠٨) عين العقل دليل المعالج المعرفي لتنمية التفكير العقلاني الايجابي، دار الكتاب للطباعة والنشر والتوزيع، مصر.

امبو سعيدي، عبد الله بن خميس والحوسنية، هدى بنت علي (٢٠١٦) استراتيجيات التعلم النشط، عمان، الأردن .

ثجيل،سعدجبار.(٢٠١٩). أثر استراتيجية لعبة الذاكرة في الفهم القرائي لدى طالب الصف الثاني المتوسط في مادة المطالعة.كلية التربية . *مجلة نسق*. ع.(٢٢). ص.(٣٦٤-٣٨٩).

الجلالي، لمعان مصطفى (٢٠١١) التحصيل الدراسي، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن .

حربي، ضياء عويد و عبد الكاظم، دعاء عباس (٢٠١٩) أثر استراتيجيتي التقويم البنائي و التقويم البديل في تحصيل طالبات المرحلة الإعدادية في مادة قواعد اللغة العربية، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية ، ع(٢)، مج (٩)، بغداد، العراق

حسام الدين محمد مازن (٢٠١٣)، الحس العلمي من منظور تدريس العلوم والتربية العلمية، مقالة علمية منشورة .

الحميداوي، صلال مها نجاح .( ٢٠٢٢). *أثر استراتيجية هوكنز في تحصيل طالبات الصف الثاني المتوسط في مادة العلوم وتفكيرهم الأيجابي* .الجامعة المستنصرية. كلية التربية الأساسية.

خيري، لمياء محمد ايمن .(٢٠١٨). *التعلم النشط* . مؤسسة يسطرون للنشر والتوزيع.

سعادة، جودت أحمد ورفاقه (٢٠٠٦) التعلم النشط بين النظرية التطبيق، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الأردن .

سليجمان، مارتن إي بي (٢٠٠٦) السعادة الحقيقية، مكتبة جرير، المملكة العربية السعودية.

عبدالسميع، هدى (٢٠١٦) أثر استراتيجية التعلم المرتكز على المشكلة في مستويات بلوم ( فهم و معرفة و اكتشاف ( الأهداف السلوكية للتحصيل المعرفي لمادة طرائق التدريس ( رسالة ماجستير غير المنشورة ) كلية التربية البدنية وعلوم الرياضة للبنات، جامعة بغداد، العراق.

قطامي، يوسف محمود (٢٠٠٤) النظرية المعرفية الاجتماعية، دار الفكر للنشر، عمان، الأردن.

هويمل،ابتسام ناصر(٢٠١٢) المنهج التجريبى (التمهيدي – المثالي –التجريبي ) كلية العلوم الأجتماعية،جامعة الامام محمدبن سعود .

**سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی**

- Folkvord F, DT,(2017) Anschütz D. Memorizing fruit : The effect of a fruit memory-game on children's fruitintake. Prev Med Reports.
- Seligman,T. (2000) . *Positive psychology an introduction university of Pennsylvania Claremont graduateuniversity.* copyright by the American psychological association.Available in. Emory. Mfp(302)